پشووی ژانی سەرژمێری لە کوردستان درێژکرایەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، هەمن میرانی، ئەندامی ژووری ئەپراسیۆنی سەرژمێریی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان وتی: ژوورەکە بە مەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی سەرژمێریی، پشووی فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ تا 10ی کانوونی یەکەم درێژ دەکاتەوە بە ئەوانەی گەڕاونەتەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (ناوچەکانی ماددەی 140) بە ئەوەی فەرمی دووەم لە دوای قەدەغەی هاتوچۆ پێ بکرێتەوە.

ئەو ئەندامەی ژووی ئەپراسیۆنی سەرژمێری دانیشتوان لە هەرێم راشیگەیاند: لە دوای تەواوکردنی فەرمی یەکەم کە لە چوارشەممە و پێنجشەممە پشتڕاست کرایەوە، قەناغێکی دیکە دەست پێدەکات کە زانیاری زیاتر و پێویستە لایەنی کەم یەکێک لە ئەندامانی خێزان لەو شوێنانە بمێننەوە و هەموو بەڵگەنامەکانی ئەندامانی خێزانیان لا بێت و فەرمی دووەم بە دروستی پێ بکەنەوە.

هەمن میرانی بە میدیای پارتی ئەوەشی خستەڕوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی ئەو کەسانە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی تەواوی پرۆسەی سەرژمێریی تەواو دەبێت.